سەرۆك وەزیران: چەندین جار داوامان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە کە کۆتایی بە ئازاری فەڵەستینییەکان بهێنن

محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بڕیارەکەی دادگای نێودەوڵەتی سەبارەت بە پێویستی ڕاگرتنی دەستدرێژی لە ڕەفەح بە دەربڕینی ویژدانی زیندووی جیهان ستایشی کرد، هاوکات ئاماژەی بەوەدا کە عێراق چەندین جار داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە کە بەرپرسیارێتی خۆی لە ئەستۆ بگرێت بۆ ڕێگریکردن لە دڕندەیی داگیرکاری.

سودانی لە پۆستێکیدا لەسەکۆی (X) نوسیویەتی : ئێمە سەیری بڕیارەکەی دادگای نێودەوڵەتی دەکەین سەبارەت بە پێویستی ڕاگرتنی دەستبەجێ دەستدرێژی دژی گەلەکەمان لە ڕەفەح، وەك دەربڕینی ویژدانی زیندووی جیهان، لەگەڵ فراوانبوونی گرنگی بڕیارەکە بۆ ئەوەی هەموو شێوەکانی جینۆساید بگرێتەوە کە ڕووبەڕووی فەڵەستینییەکان دەبنەوە لە غەززە.

هەروەها وتی: عێراق چەندین جار داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە بەرپرسیارێتی خۆی لە ئەستۆ بگرێت بۆ ڕاگرتنی دڕندەیی داگیرکاری، هەروەها کار بۆ کۆتایی هێنان بە ئازارەکانی تەواوی گەلەك بکات کە تەنها داوای مافی ژیانی خۆیان دەکات.